هەگبەی زانیاری

هەگبەی زانیاری

٣٣٣٣ پرسیار و وەڵامی هەمەڕەنگ لە ٣٣ بوار دا

ناسنامەی کتێب

ناو: هەگبەی زانیاری
بابەت: زانیاری گشتی
ئامادەکردنی: سالار هەولێری
چاپخانە: ڕۆژهەلات - هەولێر
چاپ: دووەم/2013
تیراژ: 1000/ دانە
بەرهەم: (11)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٩٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پێدراوە.

07504671394
07501181919
hawler.chap@gmail.com

هەگبەی زانیاری

٣٣٣٣ پرسیار و وەڵامی هەمەڕەنگ لە ٣٣ بوار دا

ئامادەکردن و دانانی:

سالار هەولێری

پێداچوونەوەی: کۆمەڵێک پسپۆڕ لە بوارەکاندا

چاپی دووەم

٢٠١٣

هەولێر

پێشەکی

سڵاو و ڕێز و سوپاسم بۆ ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە لە بەرگی یەکەم و دووەم دەستخۆشی و تێبینی بەپێز و بەسوودیان پێدام، لەڕێگەی مۆبایلەکەم هەروەها بەڕاستەوخۆش، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە بێ جیاوازی، سوپاسی هەستی بەرزی بەڕێزیان و بەڕێزتان دەکەم خوێنەرە خۆشەویستەکان، هەرئەو هۆیەش بوو کە بووە هاندەر و پاڵنەرم کە بەرگی سێیەمیش بخەمە بەردەستی بەڕێزتان، بۆئەوەی هەگبەیەکی گەورەتر و زیاتر لەزاست و زانیاری، لەهەموو بوارەکانی ژیان وەربگرن و بزانن و شارەزاتربن، ئەمەی ئێستاش چاپی دووەمە لە بەرگی سێیەم کە سەرەڕای چەندین جار پێداچوونەوە، بۆ ئەم چاپەش پێداچوونەوەم بۆ کردووە و هەڵە و کەموکوڕییەکانیم چاککردووە، بەڵام هێشتاش لەوانەیە هەڵەوکەموکوڕی تێدا مابێ، بەهیوام جێی ڕەزامەندیتان بێت، هێڤی خازم ڤێجارێ و ڤێبەرگێ کوو بەرگا (٣)ێیە، زۆر باشتر و پتر سوود و مفایێ ب خواندەڤانێن خۆشتڤی و ڕێزدار بگەهینم، زۆر سوپاسیا هەوە دکەم کوو هەر سەرنج و تێبینییەك هەبن دشێن من ئاگادار بکەن ب ڕێکا ڤێ ناونیشانا خارێ:

سالار هەولێری ٢٠١٢/١٢/١٢

Salar.hewlery@gmail.com

یان ژمارەی مۆبایل: 495 83 31

سیفەت و تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە:

* کۆکراوە و لێکدراوی بەرگی یەکەم و دووەمە و بە زیادکراوی بەرگی سێیەم، کە بەرگی یەکەم و دووەم هەر یەکەی(٥٠٠) پرسیار بوو، هەروەها بە زیادکردنی (٢٣٣٣) پرسیار و زانیاری نوێ.

* زیادکردنی بوار و بڕگەکان بۆ (٣٣) بوار.

*ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و پێداچوونەوەیەکی زۆر باشی هەمووی کراوە، لە لایەن چەندین کەسی شارەزا، بەدەگمەن هەڵەی تێدا بەدی دەکرێ.

*ڕەچاوی حەز و خواستی خوێنەر کراوە بەهەموو تەمەن و چین و توێژەکان بەوەی کە بوارەکان لەگەڵ بیرو ڕا و داب و نەریت وئایین و پیشە و کاری تایبەت بەخۆی دەگونجێ و زانست و زانیاری زیاتری پێدەبەخشێ.

* بۆهەر بوارێك (١٠١) پرسیار و وەڵام دانراوە.

* هەوڵدراوە پرسیار و زانیارییەکان بەکورت و پوختو ڕوونی بێ و خوێنەر ماندوو و بێزار نەکات.بۆ منداڵان و تازە پێگەیشتووانیش بشێت.

*پرسیار و وەڵامەکان پاش و پێش کراون واتە بە گوێرەی بوارەکان ڕیز کراون

هەندێك پرسیار لەبەرگی یەکەم و دووەم لەبەشێك دا بووینە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند بەش و بڕگەی نوێ و تایبەت لەم بەرگە زیادکراوە بۆیە چووەتە بەشێکی تر، ئەمەش لە بەر ئەوەی تایبەت تر بووە بەو بەشە.

ناوەڕۆك

سوپاس بۆ ...

ئەو بەڕێزانەی خوارەوە کە یارمەتییان دام و پێداچوونەوەیان بۆکردم، پاش پێداچوونەوەکەش هەریەکەی لە بوار و پسپۆڕی خۆی و بە کورتی ڕاو بۆچوونیان بۆ نووسیوم:

١- (مامۆستا .دلاوەر شێخ محمد هەرکی)بەمشێوەیە ڕاو سەرنجی خۆی دەربڕیوە:

﴿لەبەرئەوەی ژیان هۆڵی تاقیکردنەوەیە، لەم هۆڵەدا ئادەمیزاد هەمیشە ڕووبەڕووی پرسیارگەلێك دەبێتەوە، بۆیە بەهۆی وەڵامی ڕاست و دروست دەتوانین لەم هۆڵەدا بەئاسوودەیی بژین، بێگومان لە دایکبوون و هاتنە ئامێزی پەرتووکی(هەگبەی زانیاری)بەشی سێیەم بەهەردوو باڵی پێشووتر کە بەرگی یەکەم و دووەمیشی تیادا کۆکراونەتەوە ئەوەمان پێدەڵێ کە زانست و زانیاری لە هەر کون و قوژبنێك بێت بە پێی تواناو سنووری هێز و وزەی خۆی، هەوڵدەدات شارەزامان بکات لە گشت بوارەکانی ژیان، بۆیە دەڵێم گەر هیچ پرسیار و وەڵامێکت لە هزردا نییە، فەرموو لە (٣٣)بواردا (٣٣٣٣)پرسیار و وەڵام بزانە و بە هۆیانەوە باڵبگرە و بفڕە لە ئاسمانی زانست و زانیاریدا، پەی بە خۆشترین شوێن و فێنکترین هەناسە و بۆنداترین بۆن هەڵمژە و دڵ و دەروون و خەیاڵت ئاسوودە بکە، لە وەرگرتنی ئەم زانست و زانیارییانەدا، دەستخۆشی لە کاکە سالار دەکەم هیوای سەرکەوتنی هیوامە﴾

٢-کاك(هۆشیار نوری لەك) بەمشێوەیە ڕای خۆی دەر بڕیوە:

﴿دەستخۆشی لە کاك سالار دەکەم، کە هەوڵدەدات زانیاری گشتی کۆبکاتەوە، لە لایەن خۆمەوە ئەم کارەی بەگشتی و بەشی پەندی پێشینان و مەتەڵ بەتایبەتی بەچاك و باش هەڵدەسەنگێنم، بە هیوای باشتریش، ئایندەی گەشە ئەم لاوە خوێن گەرمە، پێی دەڵێم خەرمان بەرەکەت﴾

٣-د. حەیدەر عەزیز بەمشێوەیە ڕای خۆی دەربڕیوە:

﴿دەستخۆشی لە کاك سالار دەکەم بۆ ئەم کارە چاکەی کە ئەنجامی داوە، بە کۆکردنەوەی زانیاری گشتی، کارێکی زۆر باشە و لە جێگەی خۆیەتی، چونکە زانیاری گشتی بۆ هەموو کەسێك پێویستە، کە شارەزایی لێی هەبێ، وەك دەڵێن: (هەر چەند بزانی و فێربیت، ئینجا دەزانی کە هیچ نازانی) بە هیوام بەرهەمی زیاتر و باشتری بەدوا دابێت﴾

٤-کاك (سالار جەلال) بەمشێوەیە ڕا و سەرنجی خۆی دەربڕیوە:

﴿ئەو کارەی کاك(سالار هەولێری)کردوویەتی کارێکی جوان و چاکە، جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشی لێکردنە، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم، کۆکردنەوەی زانست و زانیاری گشتی لەلایەن هەر کەسێکەوە، بۆ خودی خۆی دەوروبەری کارێکی باش و پێویستە، پێویستە هەموو لایەکمان بزانین بۆ ئەوەی بژین، ئەگەر زۆر بزانین زۆر خۆشبەختانەش دەژین﴾

٥-کاك(سوهەیب جەمیل عەلی) بەمشێوەیە ڕای خۆی دەربڕیوە:

﴿دەستەکانت خۆش و هیوای سەرکەوتنی زێتر و زیاترت بۆ دەخوازم، ئەوەی بە ئەنجامت گەیاندووە، مشتێکە لە خەرمانێك، کارێکی بەرز و

پیرۆزە و کۆکردنەوەی زانیارییەکانی نێو ئەم پەرتووکە ئەوە دەسەلمێنن کە ماندووبوون و شەونخوونی زۆرت کێشاوە، مایەی خۆشحاڵییە کە توانیووتە پرسیار و وەڵامی گرنگ و بایەخدار هەڵبژێری بۆ سوودمەندبوونی خوێنەران، جارێکی تر دەستخۆشیت لێدەکەم و دەستی ماندووبوونت دەگوشم»

٦- م. زێوەر ئەنوەر بەمشێوەیە ڕای خۆی دەربڕیوە:

«ئەو کەسەی یەك پیتم فێربکات کۆیلەی ئەوم و مامۆستامە، دەستخۆشی لێ دەکەم ڕێز لە شەونخوونی و ماندووبوونی دەگرم، بە بایەخ و بە نرخی زێڕ و گەوهەر و مرواری هەڵدەسەنگێنم هیوادارم بەردەوام بێت لە نووسین کۆڵنەدات، ڕۆحت پاکە، جەستەت چالاکە، دڵ و دەروونت ڕووناکە، بۆیە بەرهەمت چاکە، کاکە وای لێهاتووە مرۆڤ لە هەموو بوارێ بزانێ. ئەوەی لەبەردەستتە، پڕیەتی لەوەی پێویستە، لەزانیاری هەمەچەشن و دەربارەی ڕۆشنبیری و هونەر و زانستە»

٧- هونەرمەند(ئەیاد محەمەد)بەمشێوە ڕا و سەرنجی خۆی دەربڕیوە:

«ڕاوبۆچوونم بەرامبەر ئەو هەموو زانست و زانیارییە گشتییە بە گشتی و بەشە هونەرییەکەی بەتایبەتی ئەوەیە: کەجێگای دەستخۆشی و ئافەرینە لە کاکە(سالار هەولێری)هیواخوازم هەموو گەنجێك وەك ئەو بە دوای زانست و زانیاری کۆکردنەوە دابن لە هەموو بوارەکانی ژیان، دووبارە دەستخۆش»

بەشی یەکەم

ئایینی

ئەم بەشە تایبەتە بە پرسیاری ئایینی بەگشتی

پ١/کەشتییەکەی حەزرەتی نوح لە کوێ گیرسایەوە..؟ (**چیای جوودی کوردستانی تورکیا**).

پ٢/ پاش ڕۆیشتنی پەیامبەر موسا(سەلامی خوای لێ بێ)کێ نەوەی ئیسرائیلی گومڕا کرد...؟ (**سامری**).

پ٣/کام هاوەڵ شاری دیمەشقی ڕزگارکرد...؟ (**خالیدی کوڕی وەلید**).

پ٤/ ناوی ئەو پەیامبەرە چی بوو کە مرد دوای ماوەیەك ئینجا زانرا؟...(**حەزرەتی سولێمان**).

پ٥/ ئایا بەهەشتییەکان بە چەندساڵی دەچنە بەهەشتەوە...؟ (**٣٣**).

پ٦/ ئەو ئافرەتە موسڵمانە کێ بوو، کەتەمەنی گەیشتە سەد ساڵ، نە بیروهۆشی لە دەستدا نە ددانی کەوت...؟ (**ئەسمائی کچی ئەبوبەکر**).

پ٧/ئایا زانای فەیلەسوف(إبن خلدون)خەڵکی کام وڵاتی عەرەبی بوو..؟ (**تونس**).

پ٨/ ساڵی(٩)ی کۆچی بەچی ناسراوە؟ (**ساڵی نوێنەران**)

پ٩/ پەیامبەر(یونس)بۆ کام نەتەوە ڕەوانەکراوە؟ (**گەلی نەینەوا**)

پ١٠/بۆ وتراوە(مات إمام وولد إمام) واتە: (پێشەوایەك کۆچی دوایی کرد و پێشەوایەك لەدایك بوو)ئایا مەبەست لەم دوو پێشەوایە کێ و کێیە...؟ (**حەنەفی و شافیعی. ڕ.خ**).

پ١١/ (عبدالمطلب)ی باپیری پێغەمبەر (د.خ)چەند کوڕی هەبوو ..؟ (**١٠کوڕ**).

پ١٢/هاوەڵ(ئەبوعوبەیدە)کوێی فەتح کرد؟ (**خۆراسان**)

پ١٣/ قووڵایی خەندەقەکەی شەڕی(خەندەق)چەند بوو؟ (**٥مەتر**)

پ١٤/ ئایا مامۆستای بانگخواز شەهید(ناصر سوبحانی)لە کوێ شەهید کرا...؟ (**سنە**).

پ١٥/ ئەو هاوەڵەی خاوەنی سێ کۆچە ناوی چی یە...؟ (**أبوموسای أشعری**).

پ١٦/(بەرنابا)جۆرێکە لە جۆرەکانی چی....؟ (**ئینجیل**)

پ١٧/ خوای گەورە کامە پەیامبەری لە ناو ئاگر پاراست ..؟ (**ئیبراهیم**).

پ١٨/ کام زانای ناوداری ئیسلامی لە زیندان کۆچی دوایی کرد...؟ (**ئیبن تەیمیە**).

پ١٩/ مانای وشەی (ئیمان) چی یە ..؟ (**بەڕاست زانین**)

پ٢٠/خوای گەورە سوێند بەتەمەنی کام پەیامبەر دەخوات....؟ (**محمد**).

پ٢١/موعجیزەی پیغەمبەر(سالح)چی بوو...؟ (**هاتنە دەرەوەی وشتر لە ناو بەرد**)

پ٢٢/یەکەم کەس کێ بوو خەڵکی بۆ نوێژی تەڕاویح کۆکردەوە؟(**عومەری کوڕی خەتاب**).

پ٢٣/ یەکەم شت کە خوای گەورە دروستی کرد چی بوو ؟(**پێنووس**).

پ٢٤/ ئەو کۆمەڵە کەسە کێن کە خوای گەورە پێش هەموو کۆمەڵێك بانگیان دەکات بۆ بەهەشت.. ؟ (**سوپاسکاران**).

پ٢٥/ کێ یەکەم کەس بوو پۆستی دانا لە ئیسلامدا ..؟ (**معاویە کوڕی ئەبو سوفیان**).

پ٢٦/ ئاینی فارسەکان چی بوو پێش موسڵمانبوونیان.. ؟(**مەجوسی**)

پ٢٧/ لەچ رۆژێك قیامەت دادێت..؟(**هەینی**).

پ٢٨/ئایا کامە خێزانی پەیامبەر(د.خ)کفنی بۆ مردنی خۆی ئامادەکردبوو..؟(**زەینەبی کچی جەحش**)

پ٢٩/ کام هاوەڵ بەفەرمانی پێغەمبەر(د.خ)بۆماوەی(١٥)ڕۆژ فێری زمانی(عیبری)ی یەهودیەکان بوو...؟ **(زید بن ثابت)**.

پ٣٠/کامە هاوەڵ بوو کە لە غەزای (بەدر و ئوحد و یەرموك) بەشداری کرد...؟ **(ئەبوعوبەیدەی جەڕاح)**

پ٣١/ بەڕای مێژوونووسان حەزرەتی ئیبراهیم ناوی بابوباپیرانی چیە...؟ **(ئیبراهیمی کوڕی تارخ کوڕی ناحوری کوڕی شاروخ کوڕی ئەرغو کوڕی فالغی کوڕی عابری کوڕی شالخی کوڕی ئەرفخشەدی کوڕی سامی کوڕی حەزرەتی نوحە)**.

پ٣٢/کامە فریشتە گەورەی فریشتەکانە ..؟**(جبریل)**

پ٣٣/ ئایا ئاوی قولەتێن چەند لیترە کە بۆ غوسل دەرکردن بەکاردێ...؟ **(٢١٦لیتر)**.

پ٣٤/ یەکەم کەس کێ بوو ناونرا (ئەمیری ئیمانداران).. ؟ **(عومەری کوڕی خەتاب)**.

پ٣٥/ دواهەمین وتەی خەڵکی بەهەشت چی یە ..؟ **(الحمد لله رب العالمین)**.

پ٣٦/ لە چ ڕۆژێك (شەیتان) زەلیل وبێ توانایە.. ؟ **(ڕۆژی عەرەفە)**.

پ٣٧/ یەکەم شەهیدی ئافرەت لە ئیسلامدا ناوی چی بوو.. ؟ **(سومەییە)**.

پ٣٨/ لە کام جەنگ ئیمامی (حمزە) (ر.خ) شەهید کرا..؟**(ئوحود)**.

پ٣٩/ نوێژێك لە مزگەوتی (الاقصی) بەرامبەر چەند نوێژە.. ؟**(٥٠٠ نوێژ)**.

پ٤٠/ پێش ئایینی پیرۆزی ئیسلام (یثرب) ناوی کام شار بوو..؟ **(مەدینە)**

پ٤١/ نوێـــژی جــەژنی قوربـــان و ڕەمـــەزان حوکمەکـــەی چـیــیه...؟ (**سوننەته**).

پ٤٢/ حوکمی ماچ کردنی بەردەڕەشەکه چییه...؟(**سوننەته**).

پ٤٣/ حوکمی شاردنەوەی تەرمی مردوو بەشەو چییه....؟(**پەسەندە و ئاساییه**).

پ٤٤/ کێ بوو بانگی دا له سەر کەعبه له ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەی پیرۆز.. ؟(**بیلالی کوڕی ڕەباح**).

پ٤٥/ حوکمی نوێژی تەراویح چی یه ..؟ (**سوننەته**).

پ٤٦/ خواردنی گۆشتی چ ئاژەڵێك دەستنوێژ دەشکێنێت...؟ (**حوشتر**)

پ٤٧/ مزگەوتی(صواف) لـه هـەولێر لەسـەر حسابی کێ دروستکراوه؟ (**محمد محمود الصواف**).

پ٤٨/(شەیتان)له چی دروست کراوه ..؟ (**ئاگر**).

پ٤٩/- یـەکێك لــه خەلیفــەکانی عەباســی(١٨)ســاڵ حــوکمی کــرد کورتەباڵاش بوو؟(**المعتصم بالله**).

پ٥٠/ حوکمی(ئیستیمنا_هێنانەوەی مەنی بەدەست) له لایەن زۆربـەی زانایانی موسڵمان چییه...؟(**حەرامه- مەگەر بۆخۆپاراستن لەزینابێ**).

پ٥١/ حەزرەتی(یوسف)چەند ڕۆژ له ناو بیر مایەوه؟ (**٣ڕۆژ**).

پ٥٢/ ئەو هاوەڵە ناوی چی بـوو کـه شـەهید کـرا عەرشی پـەروەردگار هاته لەرزین..؟(**سەعدی کوڕی مەعاز**).

پ٥٣/ یەکەم نێردراو(رسول)بۆ سەرزەوی کێ بوو؟ (**نوح**).

پ٥٤/ کامه پەیامبەر دارتاش بوو.. ؟(**زەکەریا**)

پ٥٥/ مانای وشەی (ڕەمەزان) چی یه.. ؟(**زۆرگەرم**).

پ٥٦/گــەلی(أصحاب الأیکـة)قــەوم و گــەلی چ پەیامبــەرێك بــوون..؟

(حەزرەتی شوعەیب).

پ٥٧/ ئایا حوکمی ئەو کەسە چییە کە دەچێتە لای فاڵچی و باوەڕی پێدەکات...؟ **(٤٠رۆژ عیبادەتی قبوڵ نابێ، ئەگەر باوەڕی پێبکات کافر دەبێت)**.

پ٥٨/ یەکەم کەس لە جیهاندا کە یادی لە دایکبوونی پەیامبەر(محمد)ی کردەوە کێ بوو...؟ **(سوڵتان موزەفەر کۆکبری)**.

پ٥٩/ لە مانگی ڕەمەزان ئیمامی شافعی(ر.خ) ڕۆژانە چەند قورئانی دەخوێند..؟ **(ڕۆژێ خەتمێك)** .

پ٦٠/ بەتەمەنترین پەیامبەر کامە بوو کە لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکراوە..؟ **(حەزرەتی نوح)**.

پ٦١/ چەند ساڵ جارێك ڕەمەزان دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی لە هەمان وەرز و لە هەمان ڕۆژی پێشووی خۆی..؟ **(٣٦ ساڵ جارێك)**.

پ٦٢/ کێ هەڵگری ئاڵای موسڵمانەکان بوو لە شەڕی ئوحود..؟ **(سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص)**.

پ٦٣/ کێ مێژووی کۆچی داهێنا..؟ **(عومەری کوڕی خەتاب)**

پ٦٤/ کێ فەرماندە بوو لە ڕزگارکردنی میسڕدا..؟ **(عەمری کوڕی عاص)**.

پ٦٥/ (جن)ەکان لە چی دروستکراون...؟ **(هەڵمی ئاگر)**.

پ٦٦/ ئەو کەسە کێ بوو کە گەورەترین پیاوی کافرانی کوشت و گەورەترین پیاوی موسڵمانانی شەهید کرد..؟ **(وەحشی کوڕی حەرب)**

پ٦٧/ ژمارەی خەلیفەکانی عەباسی چەند بوو..؟ **(٣٧ خەلیفە)**

پ٦٨/ ئەمە چ خواردنێکە پاش خواردنی نابێ بڵێی "خوایە لەوە چاکترمان بدەیتێ..؟ **(شیر)**.

پ٦٩/ یەکەم کێو کە لەسەر زەوی دانرا لە کوێ بوو بەناوی چی بوو...؟ (**لەمەککە بەناوی أبی قبیس**).

پ٧٠/ کامە پەیامبەر بۆ یەکەمجار زرێ و قەڵغانی دروست کرد..؟ (**داود**).

پ٧١/ ئاگری دۆزەخ چەند ئەوەندەی ئاگری دونیا بە تینە..؟ (**٧٠ جار**).

پ٧٢/ کام پێغەمبەر(کەعبە)ی بنیاتنا؟ (**إبراهیم**).

پ٧٣/ گەلی چ پەیامبەرێك بە تاوانی نێربازی ناسرا بوون....؟ (**لوط**).

پ٧٤/کام پەیامبەر بەمنداڵی قسەی کردووە....؟ (**حەزرەتی عیسا**).

پ٧٥/ ژمارەی ئەو ولأتانە چەندە کە لەناو ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دان؟(**٥٧ وڵات**).

پ٧٦/لە وتاری حەجی ماڵئاوایی کام هاوەڵ بوو کە وتارەکەی پەیامبەری دووبارە دەکردەوە بۆ ئەوەی هەموو خەڵك گوێی لێبێ...؟ (**ڕەبیعەی کوڕی نومەییەی کوڕی خەلەف**).

پ٧٧/ ڕەنگی بەردەڕەشەکەی (کەعبە) پێشتر چۆن بوو.؟ (**سپی**).

پ٧٨/ مزگەوتی (جەلیل خەیات) پاش (١٠)ساڵ کار کردن تێیدا، کەی تەواو بوو..؟ (**٢٠٠٧/١/٢٠**).

پ٧٩/ کام پەیامبەرمزگەوتی(أقصا)ی دروست کرد ..؟ (**یعقوب**).

پ٨٠/ دووەم ئافرەت کە موسڵمان بوو ناوی چی بوو ..؟ (**أم الفضل**).

پ٨١/ ئەم پەیامبەرە کامەیە کە خوای گەورە ناوی لێناوە کەپێش ئەو هیچ کەس ئەو ناوەی لێ نەبووە..؟ (**یەحیا**).

پ٨٢/ تەمەنی پەیامبەر(إبراهیم)چەند ساڵ بوو کە پەیامبەر(إسحاق)لەدایك بوو..؟ (**١٠٠ساڵ**).

پ٨٣/ ئیمامی عەلی(ر.خ)لە(١٧)ی ڕەمەزانی ساڵی(٤٠)ی کۆچی شەهید

کرا بە دەستی کێ..؟(**عبدالرزاي خوارجي**).
پ٨٤/ داود پەیامبەر و سولەیمانی کوڕی لە سەر چیای سەهبۆن لە چ شارێك نێژراون...؟ (**قودس**).
پ٨٥/ لە جەنگی (تەبوك) ژمارەی جەنگاوەرانی موسڵمانان چەند هەزار کەس بوون ..؟ (**٣٠هەزار**).
پ٨٦/شوعەیب پەیامبەر لە نزیك چ شارێك نێژراوە...؟ (**سەلت**).
پ٨٧/ دەوروبەر و ناو کەعبەی پیرۆز چەند بتی تێدابوو پێش لە ناوبردنیان ..؟ (**٣٦٠بت**).
پ٨٨/کام هاوەڵ بە(وەرگێڕی قورئان)ناسراوە....؟ (**عەبدوڵلای کوڕی مەسعود**).
پ٨٩/ ژمارەی پاسەوانانی دۆزەخ چەندن...؟ (**١٩فریشتە**).
پ٩٠/هۆنیارێکی عەباسی بە خواپەرستی و مەسەلە ویژدانییەکان ناوبانگی دەرکردبوو...؟ (**ئەبو عەتاهیە**).
پ٩١/هەر دوو خەلیفە(عومەری کوڕی خەتتاب)و(ئەبوبەکری سددیق)لە کوێ نێژراون...؟ (**تەنیشت پەیامبەرمان محمد(ص)**) .
پ٩٢/یەکەم پەیامبەر کامە بوو یاسای(جیهاد)ی لەپێناوی خوا جێ بەجێ کرد ..؟ (**ئیدریس**).
پ٩٣/ یەکەم ئەندازیار لە ئیسلام ناوی چییە ..؟ (**سەلمانی فارسی**).
پ٩٤/ بەپێی فەرموودەی پەیامبەرمان(ص)ژمارەی سەرجەم پەیامبەران چەندە...؟ (**١٢٤٠٠٠**).
پ٩٥/ئەو پیشەیەی کە هەموو پەیامبەران کردوویانە چییە...؟ (**شوانی**).
پ٩٦/ کێ سەر لە نوێ بیری (زەمزەم)ی دۆزی یەوە و هەڵیدایەوە ..؟

(عەبدولموتەلیب).

پ٩٧/ یەکەم مزگەوت کە لە مەدینە دروستکرا ڕووە و کوێ بوو ..؟ **(بیت المقدس)**.

پ٩٨/ ئەو چوار ئاژەڵە کامانەن کە زەکاتیان لێ دەردەکرێ...؟ **(مانگا و حوشتر و مەڕ و بزن)**.

پ٩٩/کامە پەیامبەر لە تەمەنی گەنجیدا سەری بڕا لە لایەن گەلەکەی...؟ **(یەحیا)**.

پ١٠٠/ کام پەیامبەر بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان....؟ **(حەزرەتی عیسا)**

پ١٠١/کام پەیامبەر کرایە دووپارچە بەدەستی جوولەکەکان....؟ **(زەکەریا)**.

بەشی دووەم

ژیاننامەی پەیامبەر(د.خ)

بسم الله الرحمن الرحيم من محمد عبد الله ورسوله
الى هرقل عظيم الروم سلام على من اتبع الهدى اما بعد
فاني ادعوك بدعاية الاسلام اسلم تسلم يؤتك الله
اجرك مرتين فان توليت فعليك اثم الاريسيين و يا اهل الكتاب
تعالوا الى كلمة سواء بيننا وبينكم الا نعبد الا الله
ولا نشرك به شيئا ولا يتخذ بعضنا بعضا اربابا من
دون الله فان تولوا فقولوا اشهدوا بانا مسلمون

نامەی پەیامبەر

ئەم بەشە تایبەتە بە زانیاری دەربارەی ژیانی پەیامبەر(د.خ)

پ١/لە ڕۆژی دوایی کێ یەکەم کەسە کە لە گۆڕەکەی دێتەدەرەوە..؟ **(پەیامبەرمان(د.خ)**.

پ٢/پەیامبەر(د.خ)پاش وەفاتی چەند خێزانی لە دوای خۆی بەجێهێشت..؟(**9خێزان)**.

پ٣/چەند جار ناوی پەیامبەر(ص)بە وشەی (محمد)لە قورئانی پیرۆز هاتووە..؟ **(٤جار)**.

پ٤/کێ خزمەتکاری پەیامبەر بوو ..؟ **(ئەنەسی کوڕی مالیک)**.

پ٥/ ئایا کامە خێزانی پێغەمبەر(د.خ)بوو کفنی بۆ مردنی خۆی ئامادەکردبوو...؟ **(زەینەبی کچی جەحش)**.

پ٦/کۆتا جەنگی پەیامبەر (د.خ) کامە جەنگ بوو..؟ **(تەبوک)**.

پ٧/ پەیامبەر(د.خ)بەکام دوومناڵی دەگوت: (اللهم إنی أحبها فأحبهما)...؟ **(ئوسامەی کوڕی زەید و حەسەنی کوڕی عەلی)**.

پ٨/پەیامبەرمان(د.خ)لە ڕۆژی دوایی بۆ یەکەمجار شەفاعەتی بۆ کێ دەکات..؟ **(ئەهلی بەیت)**.

پ٩/کێ یەکەم کەسە لە ڕۆژی دوایی لە دەرگای بەهەشت دەدات..؟ **(پەیامبەرمان)**.

پ١٠/ژمارە مناڵەکانی فاتیمەی کچی پەیامبەر(د.خ)چەند منداڵ بوون...؟ **(٦کوڕ)**.

پ١١/ئەو ئافرەتە کێ بوو کە پەیامبەر(د.خ)بەکراسی خۆی کفنی کرد..؟ **(فاطمة بنت أسد)** .

پ١٢/ناسناوەکانی پەیامبەر(د.خ) چین...؟ **(أمین-صادق-ذات**

الكوثر...).

پ١٣/پاش وەفاتی پەیامبەر(د.خ)لە خزم و کەسانی کێ بوو وەفاتی کرد..؟ (**فاطمه ی کضی**).

پ١٤/درێژترین گەشت لە جیهاندا چییە و خاوەنەکەی کێیە...؟ (**ئیسرا و میعراجی پەیامبەرمان.ص**).

پ١٥/ کام لەمنداڵەکانی پێغەمبەر (د.خ)لە خاتوو (خەدیجە)نەبووە ..؟ (**إبراهیم**).

پ١٦/کێ زۆرترین فەرموودەی پەیامبەر(د.خ)ی گێڕاوەتەوە..؟ (**ئەبو هورەیرە**).

پ١٧/ کێ بوو بۆیەکەمجار فەرموودەکانی پەیامبەر(د.خ) کۆکردەوە...؟ (**أبو ڕافیعی خزمەتکاری**).

پ١٨/یەکەم جەنگی پەیامبەر(د.خ)ناوی چی بوو کەی ڕوویدا..؟ (**الأبواء ٢ی کۆچی**).

پ١٩/کێ بەردەوام لەگەڵ پەیامبەر(د.خ) دابوو..؟(**الفضل بن عباس**).

پ٢٠/کێ حەواری پەیامبەر(د.خ) بوو..؟ (**زوبەیری کوڕی عەوام**).

پ٢١/ کام هاوەڵ ماوەی (10)ساڵ خزمەتی پێغەمبەری (د.خ)کرد ..؟ (**ئەنەسی کوڕی مالیک**).

پ٢٢/ پەیامبەر(د.خ) چەند منداڵی هەبوو.. ؟ (**٧منداڵ**).

پ٢٣/کێ برای شیری پەیامبەر(د.خ)بوو..؟ (**أبو سوفیانی کوڕی حارس**).

پ٢٤/خۆشترین خواردن لە لای پەیامبەر(د.خ) چی بوو..؟

(**الثريد-هاوشێوەی تەشریبی نەمرۆ**).

پ٢٥/یەکەم کەس کێ بوو ناوی زەمزەمی هەلگرت لە کاتی گەڕانەوەی لە حەجدا... ؟ (**پەیامبەر(د.خ)**).

پ٢٦/دوا وتەی پەیامبەر(د.خ) چی بوو...؟ (**نوێژەکانتان نوێژەکانتان لە خوا بترسن لەگەڵ ئافرەتان باش بن**).

پ٢٧/یەکەم نوێژی پەیامبەر(د.خ) هی کەی بوو کە ئەنجامی دا..؟ (**نوێژی نیوەڕۆ**).

پ٢٨/یەکەم شت کە پەیامبەر(د.خ)ئاماژەی پێکردبێ لە (وحي)سرووش چی بووە...؟ (**خەونی ڕاست**).

پ٢٩/وتاربێژی پەیامبەر(د.خ) ناوی چی بوو....؟ (**ثابت بن قيس**)

پ٣٠/ یەکەم نوێژ کە پەیامبەر(د.خ) ڕکوعی تێدا برد هی کەی بوو...؟ (**نوێژی عەسر**).

پ٣١/یەکەم لیوا کە پەیامبەر (د.خ)دایمەزراند بۆ کام هاوەڵ بوو...؟(**حمزة بن عبدالمطلب**).

پ٣٢/هۆنیاری پەیامبەر(د.خ) ناوی چی بوو...؟ (**حسان بن ثابت**)

پ٣٣/لە ڕۆژی ڕزگارکردنی(مەککە)ی پیرۆز پەیامبەر(د.خ) کلیلی کەعبەی دا بەکێ...؟ (**عوسمانی کوڕی تەلعە**).

پ٣٤/یەکەم خێزانی پەیامبەر(د.خ) کە وەفاتی کرد کامەیان بوو...؟ (**خەدیجە.ر.خ**).

پ٣٥/ پەیامبەر(د.خ) تەنها خێزانێکی لاو بوو ئەویش ناوی چی بوو....؟ (**عائیشە.ر.خ**).

پ٣٦/کچی زەینەبی کچی پەیامبەر(د.خ)ناوی چی بوو....؟(**أمامە بنت عاص**).

پ٣٧/دواهەمین خێزانی پەیامبەر ناوی چی بوو...؟ (**میمونە بنت حارث**).

پ٣٨/یەکەم خێزانی پەیامبەر(د.خ) کە لە پاشە خۆی وەفاتی کرد کێ بوو...؟ (**زینب ی کچی جحش**).

پ٣٩/ پەیامبەر(د.خ) چەند حەجی کردووە..؟ (**یەك حەج کە ئەویش حجە الوداع بوو**).

پ٤٠/تەمەنی پەیامبەر(د.خ) چەند ساڵ بوو کە وەحی(سرووش)ی بۆ هات..؟(**٤٠ساڵ**).

پ٤١/یادی لە دایکبوونی پەیامبەر(د.خ)ساڵانە لە چ بەروارێکی کۆچی ئەنجامدەدرێت...؟ (**١٢ی ربیع الأول**).

پ٤٢/کێ خۆشەویستەکەی پەیامبەرمان (د.خ) بوو هەروەها خۆشەویستی کوڕی خۆشەویستەکەی بوو...؟ (**ئوسامەی کوڕی یەزید**).

پ٤٣/ پەیامبەرمان (د.خ)بەکێی وت:(بهاوێژە دایك و باوکم بە فیدات بێت)..؟ (**سەعدی کوڕی وەقاص**).

پ٤٤/کێ بوو کە کچی پەیامبەرمان (د.خ) ی هێنا و دواتر کچی کچی پەیامبەری هێنا....؟ (**عەلی کوڕی ئەبو تالیب**).

پ٤٥/ پەیامبەرمان (د.خ) لە ڕۆژی (فتح) نوێژی(فتح)ی لە کوێ کرد...؟ (**ماڵی ئوم هانی**).

پ٤٦/ پەیامبەرمان (د.خ) ناوی دووڕووەکانی لای کێ ئاشکرا دەکرد...؟ (**حوزەیفەی کوڕی یەمان**).

پ٤٧/ پەیامبەرمان (د.خ) لە نوێژێکدا هەڵەی کرد کێ بۆی ڕاست کردەوە...؟ (**ذواليدين الخرباق بن عمرو السلمي**) .

پ٤٨/ پەیامبەرمان (د.خ)کاتێك چوو بۆ (طائف)کێی لەگەڵ دابوو...؟ (**زيد بن حارثة**).

پ٤٩/کێ پێش ناردنی پەیامبەر(د.خ)باوەڕی هێناوە...؟ (**ورقە بن نوفل**).

پ٥٠/دوومنداڵی هەتیو بەشیان لە زەوی مزگەوتی پەیامبەرمان (د.خ) هەبوو کێن..؟(**سهل و سهيل**).

پ٥١/دواهەمین هاوسەری پەیامبەرمان (د.خ) کامە بوو کە کۆچی دوایی کرد...؟ (**ئوم سەلەمە**)

پ٥٢/خوشکی شیری پەیامبەرمان (د.خ) کێ بوو...؟ (**شەیما.ر.خ**).

پ٥٣/ پەیامبەرمان (د.خ) دەفەرموێت من کوڕی دوو سەربڕاوەکەم ئەم دوانە کێن...؟.(**إسماعیلی کوڕی إبراهیم و عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب**).

پ٥٤/کێ پێی دەگوترێ (ذات الهجرتين)...؟ (**ڕوقیەی کچی پەیامبەر**)

پ٥٥/کێ چووە سەرشانی پەیامبەرمان (د.خ) بۆ شکاندنی بتەکانی قوڕەیش...؟ (**عەلی کوڕی ئەبو تالیب**)

پ٥٦/ئەو هاوەڵە کێ بوو کە پەیامبەرمان (د.خ) پێی فەرموو (مرحبا بالراكب المهاجر)...؟ (**عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل**).

پ٥٧/ پەیامبەرمان (د.خ) یەکەم نوێژی هەینی لە کوێ کرد...؟ (**لەمەدینە لەمزگەوتی بنی سالم بنی عوف کە ئێستا ناوی (مسجد الجمعه)یە**)

پ٥٨/ئەو ئافرەتە یەهودییە کێ بوو کە پەیامبەرمان (د.خ) مارەی کرد...؟ (**صفیه بنت حیی**).

پ٥٩/ژمارەی ئەو پیاوانەی ئەنسارِ کە بەیعەتییاندا بە پەیامبەرمان (د.خ) لە عەقەبەی یەکەم چەند بوون...؟ (**١٢پیاو**).

پ٦٠/ناوی کچەکانی پەیامبەرمان (د.خ) چی بوون...؟ (**فاطمة-روقیه-أم کلثوم-زینب.ر.خ**).

پ٦١/یەکەم کەس کێ بوو کە دوای وەفاتی پەیامبەرمان (د.خ) هاتە لای...؟ (**فاتیمەی کچی بوو**)

پ٦٢/ پەیامبەرمان (د.خ)ئەم دوعایەی بۆ کێ کردووە کە دەفەرمووێ:خوایە ئەگەر دوعای کرد لێی قبوڵ بکەی..؟ (**سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص**).

پ٦٣/کێ ناوی لە پەیامبەرمان (د.خ) ناوە محمد..؟(**عەبدولموتەلیبی باپیری**).

پ٦٤/ پەیامبەرمان (د.خ) پێش ئەوەی وەفات بکات چەند ڕۆژ نەخۆش کەوت..؟(**١٤ڕۆژ**).

پ٦٥/گەورەترین موعجیزەی پەیامبەرمان محمد(د.خ) چییە؟ (**قورئانی پیرۆز**).

پ٦٦/مانای وشەی محمد (د.خ) چییە...؟ (**سوپاسگوزار**).

پ٦٧/تەمەنی پەیامبەرمان(د.خ) چەند ساڵ بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد..؟ (**٦ساڵ**).

پ٦٨/یەکەم کەس کێ بوو کە سڵاوی لە پەیامبەر(د.خ) کرد بە سڵاوی ئیسلامیانە...؟(**ئەبوزەڕی غەففاری**).

پ٦٩/دایەنەکانی پەیامبەر (د.خ) کێ بوون...؟ (**ثويبة-سعدية-ذات الوحة-واشي-ذات الفضول-الخيرلق-نامينة-حليمة**).

پ٧٠/ ڕمەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**المثنا-ألمو**)

٧١پ/لە (بيعة الرضوان)دا پێغەبەر(د.خ)لە جیاتی کامە خەلیفە دەستی خۆی خستە ناودەستەکەی تری بەیعەتی دا...؟ (**عوسمانی کوڕی عەففان**).

پ٧٢/هۆنیارەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**عبدالله بن رواحه-حسان بن ثابت-كعب بن مالك**).

پ٧٣/ناوی مامەکانی پەیامبەر(د.خ) چی بوون...؟ (**زوار-أبوطالب-أبولهب-عباس-حمزة-حارث-قوصي-عيداق-زبير**).

پ٧٤/پوورەکانی پەیامبەر(د.خ)لەباوکەوە ناویان چی بوو...؟ (**سعدية-عاتيكة-بيزا-برا-أروا-أمينة**).

پ٧٥/پوورەکانی پەیامبەرمان(د.خ)لە دایکەوە ناویان چی بوو...؟ (**فاخيتة-فرليسة**).

پ٧٦/ناوی خاڵەکانی پەیامبەر(د.خ) چی بوون..؟ (**عبداليغوس-أسور-عمير**).

پ٧٧/ئەو ناووناسناوانەی پەیامبەر(د.خ) کە لە قورئاندا هاتووە

چین..؟ (**محمد-أحمد-طه-یس-بشیر-نذیر**).

پ٧٨/ناسناوەکانی پەیامبەر(د.خ) لە ناو فەرموودەکاندا کامانەن...؟ (**ماحی-حاشیر-عاقیب**).

پ٧٩/لە شەوی کۆچدا کام هاوەڵ لە شوێنی پەیامبەر(د.خ) نووست...؟ (**عەلی کوڕی ئەبو تالیب**).

پ٨٠/شمشێرەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**منسور-أسیامه-العطف-الرسوب-القلعي-المخیزم-القزیب**).

پ٨١/کڵاوە جەنگییەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**موشیع-سەبوغ**).

پ٨٢/قەلغانەکانی پەیامبەر(د.خ)ناویان چی بوو....؟ (**الزلوق-فوتق**)

پ٨٣/تیروکەوانەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**بندا-روخا-سفرا-زورا-أسدار-کتوم**).

پ٨٤/لەکاتی سەرەمەرگی پەیامبەر(د.خ) کێ پێشنوێژی بۆ موسڵمانان کرد...؟ (**أبوبکری صدیق**).

پ٨٥/کاتێك پەیامبەر(د.خ)برایەتی خستە ناو موسڵمانان کێی هەڵبژارد بۆ برایەتی خۆی...؟ (**ئیمامی عەلی**).

پ٨٦/کۆیلەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**شقران-أبورافیع-زید بن حارثة-فوزالة-ساز-سندر-أبوکبشة-سفیفة-مابور-سلمان فارسي-مهران-ریباع**).

پ٨٧/ئەسپەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**سکت-ضرب-لزاز-وارید-مرتجز-طرف-نجیب-لحیف**).

پ٨٨/گوێدرێژەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**جوزامی-یعفور**) .

پ٨٩/هێسترەکانی پەیامبەر(د.خ) ناویان چی بوو...؟ (**دولدول-فیززە-نیلیە**).

پ٩٠/سەرجەمی ژمارەی مەڕ و بزنەکانی پەیامبەر(د.خ) چەند بوو...؟ (**١٠٠ مەڕ و ٧ بزن**).

پ٩١/وشترەکانی پەیامبەر(د.خ)ناویان چی بوو...؟ (**إتلال-إتراف-بروده-حناو-زمزم-سعدیه-سقیا**).

پ٩٢/ پەیامبەر(د.خ)کە چووە سەرتەرمی(جلیبیب)چی فەرموو...؟ (**هذا مني وأنا منه**).

پ٩٣/موعجیزەکانی پەیامبەر(د.خ) چی بوون...؟ (**قورئانی پیرۆز-ئیسرا و میعراج-لەتبوونی مانگ**).

پ٩٤/یەکەم مندالّی پەیامبەر(د.خ) کە لە دایك بوو ناوی چی بوو...؟ (**زەینەب**.ر.خ).

پ٩٥/خزمایەتی نێوان پەیامبەر(د.خ) لەگەڵ (عبدالله ی کوڕی جحش)چی بوو...؟ (**عبدالله پوورزای بوو**).

پ٩٦/حوکمی یادکردنەوەی لەدایکبوونی پەیامبەر(د.خ)چییە...؟ (**بیدعة الحسنة-نەوباوی باش**).

پ٩٧/ کام خێزانی پێغەمبەر (د.خ)لەیەکەم سالّی شووکردنی وەفاتی کرد ..؟ (**زەینەبی کچی خوزەیمە**).

پ٩٨/ پەیامبەر(د.خ) لە مالّی کێ برایەتی خستە نێوان

(أنصار)و(مهاجیر)...؟ (**ئەنەسی کوڕی مالیك**).

پ٩٩/چەند مامی پەیامبەر(د.خ) باوەڕییان پێی هێنا..؟(**دووـحەمزە و عەبباس.ر.خ**)

پ١٠٠/ پەیامبەر(د.خ) بەکێی فەرموو خوایە دەوڵەتی پەرت پەرت بکەی)..؟ (**کیسرای شای فارس**).

پ١٠١/ناوی باو و باپیرانی پەیامبەر(د.خ) تاچەند پشت دەتوانی بژمێری...؟(**موحەمەد کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەڵیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی قوسەی کوڕی کیلابی کوڕی مەڕڕەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی غالیبی کوڕی فەهری کوڕی مالیکی کوڕی ضري کوڕی کنانەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی مەدرەکی کوڕی ئیلیاسی کوڕی مضري کوڕی نزاری کوڕی مەعدی کوڕی عەدنانە، عەدنانیش دەگەڕێتەوە سەر ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم ، سەلامی خوا لە هەموویان بێت.**)

بەشی سێیەم

خەون و لێکدانەوەی

ئەم بەشە تایبەتە بە زانیاری دەربارەی خەون و لێکدانەوەی

پ١/بینینی (دەست بەزنجیربوون)لە خەوندا چییە...؟ **(دەستدرێژی کردنە سەرماڵی خەڵکییە)**.

پ٢/بینینی(زێڕ)لە خەوندا بۆ پیاو و ئافرەت چۆنە...؟ **(بۆ پیاو خراپە بۆ ئافرەت باشە)**.

پ٣/بینینی(دز)لە خەودا لێکدانەوەی چۆنە؟ **(بەهەموو شێوەیەک خراپە)**.

پ٤/ تۆبە و پەشیمانی مانای چی دەگەیەنێت لە خەوندا؟ **(دەوڵەمەندی)**.

پ٥/ بینینی خەو بە(جۆ)وە چۆنە؟ **(بەهەموو شێوەیەک باشە)**

پ٦/بینینی(پێوەدانی زەنگەسوورە) لە خەوندا چۆنە؟ **(دوژمنت زیانت پێدەگەیەنێت)**.

پ٧/ بینینی(سەربازی) لە خەوندا چۆنە...؟ **(هەواڵ و مزگێنییەکی خۆشە)**.

پ٨/ بینینی (سەرمابوون و لەرزین)لە خەودا چۆنە...؟ **(ڕەنج و زیان پێگەیشتنە)**.

پ٩/بینینی(سووتان) لە خەودا چۆنە...؟ **(دوژمنێکی سەرسەختە)**

پ١٠/بینینی(سی=سیپەلاک)لە خەودا چۆنە...؟ **(بەهەموو شێوەیەک باشە)**.

پ١١/بینینی(کاڵەک=گندۆرە)لە خەودا چۆنە...؟ **(نەخۆشی و ناخۆشییە)**.

پ١٢/بینینی(کەر=گوێدرێژ) لە خەودا چۆنە...؟ (**گەورەیی و بەختەوەرییە**).

پ١٣/بینینی(پێلاّو)لە خەودا چۆنە...؟ (**ژنهێنانە**).

پ١٤/بینینی کراسی دڕاو لە خەودا چۆنە...؟ (**دەوڵەمەندییە**).

پ١٥/بینینی(کلیل)لە خەودا چۆنە..؟ (**سەرکەوتنە بەسەر دوژمنان**).

پ١٦/بینینی (خواردنی گۆشتی مار) لە خەودا چۆنە..؟ (**خواردنی ماڵی دوژمنە**).

پ١٧/بینینی(خواردنی ماستی شیرین)لە خەودا چۆنە..؟ (**خواردنی ماڵی حەلاڵە**).

پ١٨/بینینی(خۆشووشتن)لە خەوندا چۆنە...؟ (**خۆشی و ڕزگار بوونە**).

پ١٩/بنینی(خۆت لە ناو لانك) لە خەوندا چۆنە؟ (**لە ترس و ئازار دووردەبی**).

پ٢٠/بینینی(خۆت بەلاوازی) لە خەوندا چۆنە....؟ (**کەموکوڕی ماڵە**).

پ٢١/بینینی (لێدان و ئازاردان)لە خەوندا بەهەر شێوەیەك بێت، لێکدانەوەی چۆنە..؟(**پەسەند نییە و خراپە**).

پ٢٢/بینینی(لیمۆ)لە خەوندا چۆنە...؟ (**نەخۆشییە**).

پ٢٣/ بینینی(کوشتنی مار) لە خەوندا چۆنە لێکدانەوەی..؟ (**زیان و بەلاّت لێ دووردەکەوێتەوە**).

پ٢٤/ بینینی(خواردنی ماستی ترش)لە خەوندا چۆنە...؟ (**خەم و خەفەتە**).

پ٢٥/بینینی(مافوور و ڕاخەر)لە خەوندا چۆنە...؟ (**تەمەن درێژی و ڕۆزی زۆربوونە**).

پ٢٥/بینینی(پێوەدانی مار)لە خەوندا چۆنە...؟ (**زەرەر و زیانت پێدەگات**).

پ٢٦/بینینی(مەڵحەم=هەتوان لە برین دان)چۆنە..؟(**ئیمانداری و خواپەرستییە**).

پ٢٧/بینینی(پێوەدانی مار)لە خەودا، بەلاٌم ئازارت پێنەگات چۆنە؟(**سەرکەوتنە بەسەردوژمنان**).

پ٢٨/بینینی (مردن) لە خەوندا چۆنە..؟. (**ئیمان لاوازییە**)

پ٢٩/بینینی(بچووك بوونەوە و منداڵ بوونەوە) لە خەوندا چۆنە..؟ (**خەم و خەفەت و کاروبار تێکچوونە**).

پ٣٠/بینینی (مێش)لە خەودا چۆنە..؟ (**بە هەموو شێوەیەك و بەگشتی خراپە**).

پ٣١/بینینی(نەخۆشکەوتن)لە خەودا چۆنە...؟ (**نیشانەی ئیمان لاوازییە**).

پ٣٢/بینینی (نینۆك) لە خەوندا نیشانەی چییە... ؟(**بەهێزی و بەتوانابییە**).

پ٣٣/بینینی(هەلأمەت=پەسیو) لە خەودا چەند گران و زۆر بێت ئەوەندەش چ دەبێت...؟ (**ئەوەندەش تووشی ناخۆشی و خەم دەبێت**).

پ٣٤/بینینی(کوژرانت) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە..؟ (**تەمەن درێژییە**).

پ٣٥/بینینی(خواردنی کولەکە=کودی)لەخەودا چۆنە...؟ (**گەیشتن بە ئامانجەکانە**).

پ٣٦/بینینی(کێشان بەتەرازوو) لەخەودا چۆنە...؟(**دادوەری نێوان خەڵکە**).

پ٣٧/بینینی(گا) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە..؟(**دەوڵەمەندی و پلە و پایەیە**).

پ٣٨/بینینی(گەسك=گێسك)بەهەموو شێوەیەك و بەگشتی لە خەوندا چۆنە..؟ (**خراپە و پەسەند نییە**).

پ٣٩/بینینی(گریان) لە خەودا لێکدانەوەی چۆنە... ؟(**خۆشی و شادومانییە**).

پ٤٠/بینینی(گۆڕستان) لە خەودا چۆنە...؟ (**هاوڕێیەتی کردنی هاوڕێی خراپە**).

پ٤١/بینینی(گوژالك)لە خەودا چۆنە..؟ (**دەوڵەمەندی و ساماندارییە**).

پ٤٢/گولاو و بۆن لە خۆدان لە خەودا چۆنە...؟ (**سوود گەیاندنە بە خەڵك**).

پ٤٣/بینینی(بوون بە مامۆستا)لە خەوندا چۆنە...؟ (**پلە و پایە و پیرۆزییە**) .

پ٤٤/ بینینی(مەلەوانی و مەلەکردن) لە خەوندا چۆنە...؟ (**فێڵبازی و زیان گەیاندن بەخەڵکە**).

پ٤٥/ بینینی(خواردنی ماسی) لە خەوندا چۆنە...؟ (**نیشانەی بەڵا و خەمە**).

پ٤٦/ بینینی(مەیموون) لە خەوندا چۆنە...؟ (**تووشبوونە بە دوژمنێکی فێڵباز**) .

پ٤٧/ بینینی(مراوی)لە خەوندا بەهەر شێوەیەك و بە شێوەیەکی گشتی چۆنە...؟(**باشە و پەسەندە**).

پ٤٨/ بینینی(موو هەڵوەران و نەمانی لەسەر)لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**ماڵی دەخورێ و دەبردرێ**).

پ٤٩/ بینینی(مێشی هەنگ=مێشەنگوین) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**گەیشتنی هەواڵ و مزگێنی خۆشە**).

پ٥٠/ بینینی(مێوژ)بەهەر شێوەیەك و بەشێوەیەکی گشتی لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**باشە و چاکە**).

پ٥١/(نانکردن)لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە؟(**گوزەرانی خراپە**).

پ٥٢/ بینینی(دوعا و پاڕانەوە) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟
(پێکهاتنی پێویستییەکان و دڵپاکییە).

پ٥٣/ بینینی(نۆك خواردن) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟
(ناخۆشی و خەمە).

پ٥٤/ بینینی(کوشتنی ورچ) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟
(سەرکەوتنە بەسەر دوژمناندا).

پ٥٥/ بینینی(ئاسنگەری کردن کە پیشەی خۆت نەبێ) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ **(دوژمنایەتییە).**

پ٥٦/ بینینی(ئاشتی و دڵخۆشی) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟
(تەمەن درێژی و هێزە).

پ٥٧/ بینینی(ئاوی باران) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟
(هەرزانییە).

پ٥٨/ بینینی(بزنی سپی) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ **(خێر و چاکەیە).**

پ٥٩/ بینینی(خواپەرستی و عیبادەت) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ **(تەنها لە مزگەوت چاکەیە).**

پ٦٠/ بینینی(پەشیمانی و تەوبە کردن) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ **(خوای گەورە ماڵ و منداڵی پێدەبەخشێت).**

پ٦١/ بینینی(گەدە ژان کردن و هەبوونی ئازار) لە خەوندا

لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**تەمەن کورتییە**).

پ٦٢/ بینینی(ئاگر بارین لە ئاسمان) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**زۆر خراپە**).

پ٦٣/ بینینی(ئاگری پەرش و بڵاو) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**عەشقی نوێ و سەرکەوتنە**).

پ٦٤/ بینینی(پاك كردنەوەی ماڵ) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**هاتنی میوان و شاد بوون بە دیداری دۆستانە**).

پ٦٥/ بینینی(ئاوێنە=نەینۆك) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**پلە و پایەیە**).

پ٦٦/ بینینی(خواردنی پاقلە) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**ناخۆشییە**).

پ٦٧/ بینینی(قیامەت و هەڵسانەوە بۆ ڕۆژی دوایی) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**بەرپابوونی دادوەرییە لە وڵاتدا**).

پ٦٨/ بینینی(بزنی ڕەش) لە خەوندا لێکدانەوەی چۆنە...؟ (**خەم و ناخۆشییەکی سەختە**).

پ٦٩/بینینی(کۆتری زۆر لە ماڵدا)لە خەوندا چۆنە..؟(**زۆربوونی ماڵ و منداڵە**).

پ٧٠/بینینی(گۆڕهەڵکەندن) لە خەوندا چۆنە...؟ (**تووشی ناخۆشی و خەم بوونە**).

پ٧١/بینینی (لۆکە=پەمۆ) لە خەوندا چۆنە...؟ (**بەهەموو شێوەیەك باشە و پەسەندە**).

پ٧٢/بینینی(هەڵپەڕین)لە خەوندا چۆنە...؟ (**خراپە و نارەواییە**)

پ٧٣/بینینی(کێلاَن)لە خەوندا چۆنە...؟ (**بەهرە و پیت و پیرۆزییە**).

پ٧٤/ بینینی(ترێ)لە خەوندا چۆنە؟ (**حەسوودی و چاوچنۆکیە**).

پ٧٥/ بینینی(خێرکردن)لەخەوندا بەهەموو شێوەیەك چۆنە؟ (**بەشێوەیەکی گشتی زۆرباشە و خۆشیە**).

پ٧٦/بینینی(تالآنکردنی ماڵت)لەخەوندا چۆنە؟ (**خەم و خەفەتە**).

پ٧٧/بینینی(خاچ)لەخەوندا بەشێوەیەکی گشتی چۆنە؟ (**خەم و خراپەیە**).

پ٧٨/بینینی(خوری)لەخەوندا بەشێوەیەکی گشتی چۆنە؟(**سوود و کەڵکی زۆرە**).

پ٧٩/بینینی(جەژن)لەخەوندا چۆنە؟ (**بەهەمووشێوەیەك باشە و خۆشییە**).

پ٨٠/ بینینی(تریاك بەهەموو شیوەیەك)لەخەوندا چۆنە؟ (**خراپە و پەسەند نییە**).

پ٨١/ بینینی(خواردنی ترێ)لەخەوندا لێکدانەوەی چۆنە؟ (**نارەزوو پەرستییە**).

پ٨٢/ بینینی(ئەسپەناخ و خواردنی)چۆنە؟ (**خەم و زەرەرکردنە**)

پ٨٣/بینینی(ئێسك)لەخەوندا چۆنە؟ (**بەهەموو شێوەیەك باشە و سوودبەخشە**).

پ٨٤/ بینینی(باڵندەیەكی زۆر و جووكەیان)لەخەوندا لێكدانەوەی چۆنە؟ (**كارەساتێكی ناخۆشە**).

پ٨٥/ بینینی(درۆ)لەخەوندا لێكدانەوەی چۆنە؟ (**زیانی بۆ خۆت و ئیمانت هەیە**).

پ٨٦/بینینی(داو)لەخەوندا چۆنە؟ (**فرتوفێڵە**).

پ٨٧/ بینینی(پەنجەوانە)ی دەست لەخەوندا لێكدانەوەی چۆنە؟ (**باشە و هێز و توانایە**).

پ٨٨/ بینینی(دەرگەوانی)لەخەوندا چۆنە؟ (**پێكهاتن و گەیشتن بە ئاواتەكانە**).

پ٨٩/بینینی(دووپشك)لەخەوندا چۆنە؟ (**دوژمنێكی بێ هێزە**).

پ٩٠/بینینی(سماق)لە خەوندا لێكدانەوەی چۆنە؟ (**تووند و تیژییە**).

پ٩١/ بینینی(ترس)لەخەوندا لێكدانەوەی چۆنە؟ (**هێمنی و ئارامییە**).

پ٩٢/بینینی خواردنی سیر لە خەوندا چۆنە..؟ (**خواردنی ماڵی حەرام و ناڕەوایە**).

پ٩٣/ بینینی(خواردنی سێو)لە خەوندا چۆنە...؟ (**خەم و نیگەرانییە**).

پ٩٤/بینینی(شكانی شوێنێكی لەش)لە خەوندا چۆنە...؟ (**لەلایەن**

خزمان ئازارت پێدەگات).

پ٩٥/بینینی(کوشتنی دووپشك)لەخەوندا چۆنە؟ (**سەرکەوتنە بەسەر دوژمناندا**).

پ٩٦/بینینی(زەنگوڵە)لەخەوندا چۆنە...؟ (**شەڕ و دوژمنایەتییە**).

پ٩٧/ بینینی(ڕاوکردن)لە خەوندا بەشیوەیەکی گشتی چۆنە؟ (**باشە و سوودبەخشە**).

پ٩٨/ بینینی(پیسایی و پاشماوەی ئاژەڵان)بەگشتی لەخەوندا لێکدانەوەی چۆنە؟ (**سەروەت و سامان و بەهرەیە**).

پ٩٩/ بینینی(دووکەڵ)لەخەوندا چۆنە؟ (**کێشە و بەڵایە**).

پ١٠٠/ بینینی(زەیتون)لە خەوندا چۆنە...؟ (**خراپە و زیانە**).

پ١٠١/ بینینی(سەرپەرشتیاری)لەخەوندا لێکدانەوەی چۆنە؟ (**خێر و چاکەیە**).

بەشی چوارەم

قورئانی پیرۆز

ئەم بەشە تایبەتە بە زانیاری دەربارەی قورئانی پیرۆز

پ١/سورەتی (حشر) لەبارەی کێ دابەزیوە...؟ **(بني نضير)**.

پ٢/کێ بوو بۆ یەکەم جار قورئانی پیرۆزی بەئاشکرا خوێندەوە...؟ **(عبداللەی کوڕی مسعود)**.

پ٣/خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز چەند جار باسی خۆر(الشمس)ی کردووە...؟**(٣٣جار)**.

پ٤/کۆتا سورەت کامە بوو لە سورەتە درێژەکان کە دابەزی..؟**(المائدة)**.

پ٥/چەند جار وشەی (الاخرة) لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ..؟**(١١٥جار)**.

پ٦/لە سورەتی(الرحمن)چەندجار(فبأي ألاء ربكما تكذبان)دووبارە بۆتەوە..؟**(٣١جار)**.

پ٧/ کام سورەتی قورئانی پیرۆز بەناوی دوو پەیامبەر کۆتایی هاتووە ..؟ **(الاعلى)**.

پ٨/چەند جار وشەی(الجنة)واتە بەهەشت لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە..؟**(٦٦جار)**.

پ٩/چەند جار وشەی(النار)لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ..؟**(١٢٦ جار)**

پ١٠/کورتترین سورەت لە قورئان دا کامەیە ..؟**(الكوثر)**.

پ١١/ درێژترین سورەت لە قورئان دا کامە سورەتە..؟**(البقرة)**.

پ١٢/چەند جار (بسم الله الرحمن الرحيم) لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ..؟**(١١٤ جار)**.

پ١٣/ ئەو سورەتە کامەیە کە دوو سوجدەی تێدایە..؟**(الحج)**.

پ١٤/ئایـەتی(کورسـی)دەکەوێتـە کـام سـورەت و ئایـەتی چـەند...؟ **(البقرة ٢٥٥)**.

پ١٥/نـاوی دوو ڕۆژ لـە ڕۆژەکـانی هەفتـە لـە قورئـانی پـیرۆزدا هاتووە.؟**(شەممە و هەینی)**.

پ١٦/وشەی(الصمد) چەند جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە..؟ **(یەك جار)**.

پ١٧/کامـە سـورەت بـوو کـە بـووە هـۆی موسـڵمانبوونی ئیمـامی عومەر(ر.خ)..؟ **(طە)**.

پ١٨/ناوی چ وڵاتێك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ..؟ **(میسر)**.

پ١٩/ئەو سورەتە کامەیەکە بە سورەتی (القتـال)یش نـاودەبرێ ..؟ **(محمد)**.

.پ٢٠/کام سورەت مرۆڤ لە فیتنەی (دەجال)دەپارێزێ ..؟ **(الکهف)**.

پ٢١/کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز بە بیرۆکە و پێشنیاری کێ بوو.؟ **(عمری کوڕی خەتاب)**.

پ٢٢/وشەی (ماء) چەند جار لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە..؟ **(٦٣)**.

پ٢٣/زەیـدی کـوڕی حاریـسە (ڕ.خ) هـاوەڵێکی پەیامبـەرە (د.خ) بـوو ناوی لە چ سورەتێك دا هاتووە..؟ **(الاحزاب ئایەتی٣٧)**.

پ٢٤/وشـەی (القرأن)چـەند جـار لـە قورئـانی پـیرۆز دا هـاتووە...؟ **(٦٨جار)**.

پ٢٥/هەر یەکە لە وشەی(الدنیا) و (الأخرة) چەند جار لـە قورئـانی پیرۆز دا هاتوون...؟ **(هەریەکەی١١٥جار)**.

پ٢٥/ چەند جار وشەی(رمضان)لەقورئانی پیرۆز داهاتووە؟ (**١جار**).

پ٢٦/ لەکام سورەتی قورئانی پیرۆز لە هەموو ئایەتەکان وشەی(الله)ی تێدایە؟ (**المجادله**).

پ٢٧/ کام سورەت کەوتۆتە ناوەڕاستی قورئانی پیرۆز..؟ (**الکهف**).

پ٢٨/(رب اشرح لی صدری ویسر لی أمری)ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە و نزای کام پەیامبەرە...؟ (**موسا**).

پ٢٩/ خۆشەویسترین ئایەت لای پەیامبەر(د.خ)چی بوو..؟ (**إنا فتحنا لك فتحا مبینا**).

پ٣٠/هەر یەکە لە وشەی(الحیاه) و (الموت) چەند جار لە قورئانی پیرۆز داهاتووینە...؟ (**هەریەکەی١٤٥جار**).

پ٣١/ئەو پێنج سورەتە کامانەن کە لە قورئاندا بە(الحمدلله)دەستپێدەکەن...؟ (**الفاتحة**، **الأنعام**، **الکهف**، **فاطر**، **سبأ**).

پ٣٢/ئەو گیانلەبەرانە کامانەن کە ناویان لە قورئاندا هاتووە..؟ (**مێشوولە**، **مێشهەنگ**، **مێروولە**، **پەپووسلێمان**، **قەلەڕەش**، **شەمشەمە کوێرە**، **پەڕەسێلکە**، **کوللە-کلۆ**، **بۆق**).

پ٣٣/کامە سورەتی قورئانی پیرۆز لە پاش سولحی حودەیبییە دابەزی...؟ (**الفتح**).

پ٣٤/کام سورەتی قورئانی پیرۆز لە حەجیماڵئاوایی دابەزی؟ (**النصر**).

پ٣٥/ هەموو سورەتەکان خوا لەگەڵ بەندەکانی دەدوێ تەنها یەك سورەت نەبێ، کە بەندەکان لەگەڵ خوا دەدوێن ئەو سورەتە

کامەیە...؟ (**فاتیحە**).

پ٣٦/ئایا یەکەم ئایەت کامەبوو کە مۆڵەتی جیهادکردنی دا بە موسڵمانان...؟ (**ئایەتی٣٩سورەتی الحج**).

پ٣٧/لە چ ئایەت و سورەتێك بە درێژی باسی(ئەنصار)و(موهاجیر)هاتووە...؟ (**ئایەتی٣٧تا١١٧ی سورەتی التوبە**).

پ٣٨/چەند جار وشەی پیرۆزی(الله)لە قورئاندا هاتووە..؟ (١٦٩٧).

پ٣٩/ کامە پەیامبەر لە هەمووان زیاتر ناوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە...؟ (**موسا**).

پ٤٠/ کام سورەت بەدڵی قورئان ناسراوە؟ (**یاسین**).

پ٤١/ کام سورەت بەدرێژی باسی بابەتی میرات دەکات؟ (**النساء**).

پ٤٢/دوا سورەت لە مەدینە دابەزی کامە سورەت بوو..؟ (**التوبە**).

پ٤٣/ وشەی پیاو و ئافرەت (الرجال و النساء)هەریەکەی چەند جار لە قورئاندا هاتوون؟ (**هەریەکەی٢٤**).

پ٤٤/هەر یەکەی لە وشەی(الصالحات) و (السیئات) چەند جار لە قورئانی پیرۆز دا هاتووینە...؟ (**هەریەکەی١٦٧جار**).

پ٤٥/ سورەتی (النساء) چەند ئایەتە...؟ (١٧٦).

پ٤٦/ هەر یەکە لە وشەی (الشیطان) و (الملائکة) چەند جار لە قورئان دا هاتوون...؟ (**هەر یەکە٨٨جار**).

پ٤٧/ قورئانی پیرۆز چەند سورەتە....؟ (١١٤).

پ٤٨/ ئایەتی(السیف)واتە: (شمشێر)کامەیە؟ (**٢٩ی سورەتی تەوبە**).

پ٤٩/ کۆتا سورەتی قورئان کامە سورەتە؟ **(الناس)**.

پ٥٠/هەر یەکە لە وشەی(الضیق) و (الطمأنمینة) چەند جار لە قورئاندا هاتووینە...؟(١٣).

پ٥١/وشەی(صلاة)واتە نوێژ چەند جار لە قورئانی پیرۆز دا هاتووە؟ (٩٩).

پ٥٢/ وشەی (ظالین و هادي) هەریەکەی چەند جار لەقورئاندا هاتوون؟ **(هەریەکەی١٨جار)**.

پ٥٣/ سورەتی فاتیحە زیاتر بە(١٠)ناوی تر ناودەبرێ چوار لەمانە چین؟ **(أم الكتاب-فاتحةالكتاب-أم القرأن-سبع المثاني)**.

پ٥٤/ ژمارەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز چەندن...؟ **(٦٢٣٦ئایەت)**.

پ٥٥/ سورەتی التوبە بەسێ ناوی تریش ناودەبرێ ئەو ناوانە چین؟ **(البراءة-السيف-الكاشفة)**.

پ٥٦/ وشەی (إبلیس)و وشەی(أعوذ بالله)هەریەکەی چەند جار لە قورئاندا هاتوون؟ **(هەریەکی١١جار)**.

پ٥٧/کام سورەتی قورئانی پیرۆز بەناوی ئافرەتێك ناونراوە؟ **(مریم)**.

پ٥٨/ چەند سورەت لە قورئاندا بە (یا أیها)دەست پێدەکەن...؟ (١٠).

پ٥٩/ سورەتی(کهف)چەند ئایەتە...؟ (١١٠).

پ٦٠/ گەورەترین ژمارەی بەکارهاتوو لە قورئانی پیرۆز چەندە؟ (١٠٠هەزار) **لە سورەتی صافات١٤٧**.

پ٦١/ سورەتی(عبس)لەبارەی کێ دابەزیوە؟ **(عبدالله ی کوڕی أم**

مکتوم).

پ٦٢/چەند پەیامبەر ناویان لە قورئاندا هاتووە...؟ **(٢٥)**.

پ٦٣/ئەم دوو ئایەتە کامانەن کە لە قورئاندا بە پێچەوانەشەوە دەخوێنرێنەوە....؟ (**ربك فكبر:المدثر٣**) و (**كل في فلك : الأنبياء٣٣**).

پ٦٤/ئەو کتێبانەی ناویان لە قورئاندا هاتووە چین...؟ (**زبور، تورات، ئینجیل، صحف، القران**).

پ٦٥/بە پێی ڕادەی هێواشی و خێرا خوێندنەوەی قورئان چەند جۆری هەیە...؟ (**١-ترتيل-لەسەرخۆ ٢-تدوير-مامناوەند ٣-تحدير-خێرا**).

پ٦٦/ئەو مزگەوتانەی ناویان لە قورئلندا هاتووە کامانەن...؟ (**حرام، أقصى، ضرار**).

پ٦٧/یەکەم سوڕەت کە لە شاری مەدینە دابەزی...؟ **(البقره)**.

پ٦٨/ سوڕەتی(ال عمران)چەند ئایەتە...؟ **(٢٠٠)**.

پ٦٩/یەکەم کەس کە خاڵی بۆ پیتەکانی قورئان دانا کێ بوو...؟ (**أبو أسود الدولي**).

پ٧٠/ ئەو سوڕەتە کامانەن کە هەموو ئایەتەکانیان بە پیتی(ر)کۆتایی هاتووە...؟ (**القمر، القدر، العصر، الكوثر**).

پ٧١/ئەو ئایەتە کامەیە کەوا هەر(٢٨)پیتە هیجائییەکانی زمانی عەرەبی تێدایە.. ؟ (**الفتح٢٩**).

پ٧٢/ئەو سێ کۆمەڵە کامانەن کە لە سەرەتای سوڕەتی(البقره)دا باسیان کراوە...؟ (**باوەڕداران، بێباوەڕان، دووڕووەکان**).

پ٧٣/کام ئایەت دەیسەلمێنێت کەوا خۆر وەستاو نییە...؟ (**يس٣٨**).

(**المدثر**).

پ٧٤/کام سورەت لە پێش سورەتی فاتیحە دابەزیوە...؟ (**المدثر**).

پ٧٥/چەند سورەت بە ناوی پەیامبەرانەوە ناونراون...؟ (**هود**، **یونس**، **یوسف**، **محمد**، **إبراهیم**، **نوح**).

پ٧٦/ژمارەی سورەتەکانی جزوی (عم)چەند سورەتە...؟ (**٣٧سورەت**)

پ٧٧/ئەو سورەتە کامەیە کە هەموو ئایەتەکانی بە پیتی(س)کۆتایی دێت...؟ (**الناس**).

پ٧٨/ئەو سورەتە کامەیە کە بەرامبەر سێیەکی قورئانە...؟ (**الإخلاص**).

پ٧٩/جزوی (تبارك) چەند سورەتە...؟ (**١١سورەت**).

پ٨٠/ئەو سورەت کامەیە کە بووکی قورئان ناسراوە...؟ (**الرحمن**).

پ٨١/ئەو سورەتە کامەیە کە پەیامبەر(ص)لەبارەیەوە فەرموویەتی (پیری کردم)...؟ (**هود**).

پ٨٢/ئەو سورەتە کامەیە کە هەموو ئایەتەکانی بە پیتی(د)کۆتایی دێت...؟ (**الإخلاص**).

پ٨٣/ئەو سورەتانەی سەرەتاکانیان بە وشەی(قل)دەستپێدەکەن کامانەن...؟ (**الجن**، **الکافرون**، **الإخلاص**، **الفلق**، **الناس**).

پ٨٤/کام سورەت هەموو ئایەتەکانی بە پیتی(ل)کۆتایی هاتووە...؟ (**فیل**).

پ٨٥/ئەو فریشتانەی ناویان لە قورئاندا هاتووە...؟ (**جبریل**، **میکال**، **مالك**، **هارووت**، **مارووت**).

پ٨٦/ئەو ئایەتە کامەیە کە لە ناو کەعبە دابەزی...؟ (**النساء٥٨**).

پ٨٧/ چەند سورەتی لە مەدینە دابەزی؟ (**٢٨**).

پ٨٨/ ئەو سێ سورەتە کامانەن کە پیغەمبەر(ص)شەوان دەیخویند؟ (**الإخلاص، الفلق، الناس**).

پ٨٩/ سورەتی(البقرە)درێژترین سورەتە و چەند ئایەتە؟ (**٢٨٦**).

پ٩٠/ هەموو قورئان بە ماوەی چەند ساڵ دابەزی؟ (**٢٣ساڵ**).

پ٩١/ ژمارەی وشەکانی قورئان چەندە...؟ (**٧٧٩٣٤وشە**).

پ٩٢/ قورئان چەند سورەتی لە مەککە دابەزی؟ (**٨٦**).

پ٩٣/جزوی(قد سمع)چەند سورەتە...؟ (**٩سورەت**).

پ٩٤/کام سورەت دوو(بسم الله الرحمن الرحيم)ی تێدایە...؟ (**النمل**).

پ٩٥/کام سورەت خوێنەرەکەی لە سزای دۆزەخ دەپارێزێ؟ (**الملك**).

پ٩٦/ کام سورەت بخوێندرێ شەیتان نزیکی ئەو ماڵە نابێتەوە؟ (**البقرە**).

پ٩٧/ کام سورەت لە دوای سورەتی فاتیحە دابەزی...؟ (**المسد**).

پ٩٨/ژمارەی پیتەکانی قورئان چەندە...؟ (**٣٢٣٦٧١**).

پ٩٩/ئەو سورەتە کامەیە کە بە ناوی میوەیەکەوە ناونراوە...؟ (**التين**).

پ١٠٠/دوائایەتی قورئان کە دابەزی...؟ (**مائدە ٣**).

پ١٠١/وشەی(کلا)لە چەند جوزئی قورئاندا هاتووە...؟ (**تەنها لە جوزئی١٦-٣٠**).

بەشی پێنجەم

مێژوویی

ئەم بەشە تایبەتە بەزانیاری دەربارەی مێژووی گشتی

پ١/ شەڕی چالدێران کە لە ساڵی(١٥١٤)ڕوویدا لە نێوان کێ و کێ بوو...؟ (**عوسمانییەکان و سەفەوییەکان**).

پ٢/ کەی سەدامی دکتاتۆری عێراق دەسگیرکرا...؟ (٢٠٠٣/١٢/١٣).

پ٣/ کام وڵات بۆ یەکەمجار چەکی موشەکی بەکارهێنا...؟ (**چین**).

پ٤/ لە چ ساڵێك دەوڵەتی فاتمییەکان لە وڵاتی مەغریب دامەزرا...؟ (٩١٠).

پ٥/ زانای بەناوبانگ(گراهام بێڵ)کەی تەلەفۆنی داهێنا...؟ (١٨٧٦).

پ٦/ کەی جەژنی ڕزگاری وڵاتی(سریلانکا)یە...؟ (١٩٤٨).

پ٧/ کێ دەوڵەتی(ئومەوییەکانی)دامەزراند...؟ (**موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان**).

پ٨/ کەی شاری بەغدا دروستکراوە...؟ (**٧٦٢ی زایینی**).

پ٩/ یەکەم کەس کێ بوو کە داوای کرد کە(هندستان و پاکستان)لێك جیابکرێنەوە...؟ (**محمد نیقبال**).

پ١٠/ یەکەم سەرۆکی ئەمریکا کە بەهەڵبژاردن بووە سەرۆك کێ بوو...؟ (**جۆرج واشنتۆن**).

پ١١/ یەکەم پاشای عێراق ناوی چی بوو کە لە(١٨٩٨/٤/٢٢)هاتە سەرحوکم...؟ (**فەیسەڵی یەکەم**).

پ١٢/ کەی گۆتەنبەرگی زانای ئەڵمانی چاپخانەی داهێنا...؟ (١٨٥٤)

پ١٣/ کەی یادی ڕزگاری وڵاتی (کەنەدا)یە..؟ (١٨٦٧/٧/١).

پ١٤/ کەی(مەلای گەورە)مەلا محەمەدی کۆیی کۆچی دوایی کرد...؟ (١٩٤٣).

پ١٥/ بۆیەکەمجار تیمی ئاگرکوژێنەوە کەی و لەکوێ دامەزرا...؟

(**١٠٠ساڵ پێش زایین لە ئیتاڵیا**).

پ١٦/ کەی بانکی نێودەوڵەتی دامەزرا...؟ (**١٩٤٣**)

پ١٧/ بۆ یەکەمجار لەمێژوودا هێڵی ئاسمانی لە نێوان کامە دوو وڵات بوو...؟ (**فەرەنسا و بەریتانیا**).

پ١٨/ یەکەم وڵات پێش جەنگی دووەمی جیهانی کە هیتلەر داگیری کرد کامە وڵات بوو...؟ (**پۆلەندا**).

پ١٩/ یەکەم کەس کێ بوو سەربازی لەعیراق کردە زۆرەملێ؟ (**مەدحەت پاشا**).

پ٢٠/ شای بابل (نەبوخەزنەسر)باخچەی بۆکام کچە کورد دروستکرد...؟ (**ئەمیتیس**).

پ٢١/ کێ لەسەردەمی پاشایەتی دا چواردە خول سەرۆك وەزیران بووە...؟ (**نوری سەعید**).

پ٢٢/ (ئەندێرا گاندی)ی ناوداری هیندی کەی تیرۆر کرا؟ (**١٩٤٨**)

پ٢٣/ چی بوو لە جەنگی دووەمی جیهانی بۆ یەکەمجار بوو کە بەکارهات...؟ (**ڕادار**).

پ٢٤/ زێڕ چەند سەدە پێش ئێستا بەکارهاتووە بۆ پارە...؟ (**٢٥**)

پ٢٥/سەرەتای مێژووی کۆچی کەی دەستی پێکردووە...؟ (**لەڕۆژی کۆچکردنی پەیامبەر(د.خ) بۆمەدینە دەستپێدەکات**)

پ٢٥/ ئەمریکییەك بەناوی یۆرتێل شەمەندەفەری داهێنا لە چ ساڵێك...؟ (**١٨٠١**)

پ٢٦/ کەی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو شارۆچکەی مەخمووری خستەسەر پارێزگای موسڵ...؟ (**١٩٩٤/١٢/٢**)

پ٣٧/ئینگلتەرا بۆ ماوەی (٢٠٠)ساڵ چ وڵاتێکی داگیرکردبوو...؟ **(هیندستان)**

پ٢٨/ مەلیك غازی چەند ساڵ حوکمی عێراقی کرد...؟ **(٧ساڵ)**

پ٢٩/ ئاڵای خەلافەتی(ئومەوییەکان)چ ڕەنگ بوو...؟ **(سپی)**

پ٣٠/ فەڕەنسا چەند ساڵ حوکمی کرد لە جەزائیر...؟ **(١٣٢ساڵ)**

پ٣١/ یەکەم دراوی ئیسلامی کە کاری پیکرا دینار بوو لەسەردەمی کام خەلیفەبوو؟**(عبدالملك کوڕی مەڕوان)**

پ٣٢/ کەی یادی سەربەخۆیی و ڕزگاری وڵاتی**(ئەفغانستان)**ە...؟ (١٩١٦)

پ٣٣/ مێژوونووسی کورد (محمد رافعی) کەی کۆچی دوایی کرد...؟ **(١٩٦٦/١٢/٣)**

پ٣٤/ کەی یادی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دارمانی قوتابخانەی مارکسیەتە...؟ **(١٩٩١/١٢/٣١)**

پ٣٥/ ڕۆژی(١/١)ی هەموو ساڵێك چ بۆنەیەکە...؟ **(سەری ساڵی زایینی)**.

پ٣٦/ کەی یاد و ڕۆژی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقە...؟ **(٥/١٦)**.

پ٣٧/ کەی شەڕی(قەڵای دمدم)ڕوویدا لە نێوان (شا عەباسی سەفەوی) و (خانای لەپ زێڕین)...؟ **(١٦٠٨/١٢/٥)**.

پ٣٨/ لەسەردەمی کام سەرۆك شەڕی ئەمریکا و ڤێتنام ڕوویدا...؟ **(جیرارد فۆرد)**.

پ٣٩/ نووسەری کورد(محمدی خاڵ) کەی کۆچی دوایی کرد...؟ **(١٩٨٩/٧/١٥)**.

پ٤٠/ کام سەرۆك وەزیرانی عێراق خۆی کوشت...؟ (**عبدالمحسن سعدون**).

پ٤١/ یەکەم بیرە نەوت لە پەنسلڤانیا کەی دۆزرایەوە...؟ (١٨٥٩).

پ٤٢/ کەی(ئەدیسۆن)ی داهێنەر لەدایکبووە؟ (١٨٤٧).

پ٤٣/ تاوەری(پیزا) لە (ئیتاڵیا) بەماوەی چەند ساڵ دروستکرا...؟ (**١٧٤ساڵ**).

پ٤٤/ لە چ وڵاتێك بوو کە بۆ یەکەمجار ئۆتۆمبێل لە مرۆڤی دا؟ (**ئەمریکا**).

پ٤٥/ کۆنترین زانکۆ لە جیهاندا کامە زانکۆیە..؟ (**الازهر**).

پ٤٦/ بۆ یەکەمجار لە چ ساڵێك (مجەففە) دروستکرا...؟ (١٩٣٠).

پ٤٧/ کریستۆڤەر کۆلۆمبس لە ساڵی(١٤٥١تا١٥٠٦)ژیاوەلەکوێ لە دایکبووە و لە کوێ کۆچی دوایی کردووە....؟ (**لە ئیتاڵیا لەدایکبووە لە ئیسپانیا کۆچی دوایی کرد**).

پ٤٨/ بۆ یەکەم جار مەڕێك بەناوی (دۆلی) کۆپی کرا لەچ ساڵێك..؟ (١٩٩٧).

پ٤٩/ بەکێ دەگوترێ (باوکی مێژوو)..؟ (**هێرۆدۆتس**).

پ٥٠/ ولاتی فەرەنسا چەند ساڵ وڵاتی جەزائیری داگیرکرد ..؟ (**١٣٢ساڵ**).

پ٥١/. کەی هیتلەر خۆی کوشت...؟ (١٩٤٥/٤/٣٠).

پ٥٢/پێشەوای گەلی ڤێتنام(هۆشی منە) کەی لەدایکبووە...؟ (١٨٩٠)

پ٥٣/ ڕووداوی (ئوخدود) ڕووداوێکی کۆن و مێژوویی یە لە کوێ ڕوویداوە..؟ (**نەجران**).

پ٥٥/ کۆنترین دار لە مێژوو و لە جیهاندا چ دارێکە..؟ **(عەرعەر)**.

پ٥٦/ لە چ ساڵێك چاویلکەی ڕەش کەوتە بازاڕەوە..؟ **(١٩٤٢)**.

پ٥٧/(تەها یاسین ڕەمەزان) کەی لەسێدارەدرا..؟ **(٢٠٠٧/٣/٢٠)**.

پ٥٨/ کەی تەرمی فیرعەون دۆزرایەوە..؟ **(١٩٥٤)**.

پ٥٩/ (فرانسو میتران)ماوەی چەند ساڵ حوکمی فەڕەنسای کرد...؟**(١٤ساڵ)**.

پ٦٠/ کام وڵات تا ساڵی (١٩٥٤)وڵاتی ڤێتنامی داگیر کردبوو..؟ **(فەرەنسا)**.

پ٦١/ دەزگای(سی ئای ئەی-CIA)ی ئەمریکی لەسەردەمی کام سەرۆك دامەزرا...؟ **(هاری ترۆمان)**.

پ٦٢/ کەی بڕیاری لە سێدارەدان لە سوید هەڵگیرا..؟ **(١٩١٠/١١/٢٣)**.

پ٦٣/ یەکەم کەس کێ بوو چاپخانەی بردە وڵاتی میسر...؟ **(ناپلیۆن بۆناپارت)**.

پ٦٤/ یەکەم کەس لە مێژوودا کێ بوو وێنەی خۆی خستە سەرپارە..؟ **(ئەسکەندەری مەکدۆنی)**.

پ٦٥/یەکەم سەرۆکی کۆمۆنیستەکانی(چین)پاش سەرکەوتن کێ بوو...؟ **(ماوتسی تۆنگ)**.

پ٦٦/ یەکەم سکرتێری گشتی(UN-یوئێن)ناوی چی بوو...؟ **(تریگ فیلی)**.

پ٦٧/ (سوڵتان سلێمان قانونی)کەی کۆچی دوایی کرد؟ **(١٥٦٦/٩/٤)**.

پ٦٨/ چ بەروارێك ڕۆژ و یادی (دایك)ە...؟ **(٣/٢١)**.

پ٦٩/ بەرواری(٦/١)هەموو ساڵێ یادی چییە...؟ **(ڕۆژی جیهانی**

منداڵان).

پ٧٠/ حزبی بەعسی ئیشتراکی ڕووخاو لە دیمەشق لە چاپخانەیەك دامەزراو لە چ ساڵێك بوو ..؟ (**١٩٤٧/٤/٧**).

پ٧١/ کام سەرۆك لە ساڵی (١٩٦٩) تا ئێستا سەرۆك وڵاتە...؟ (**فیدل کاسترۆ**).

پ٧٢/ جەنگی جیهانی یەکەم لەچ بەرواری دەستی پێکرد ..؟(**١٩١٤/٨/٣**).

پ٧٣/ بۆ یەکەم جار لە (وایمینیك) لە ئەمریکا مافی دەنگدان درا بە ئافرەت لە چ ساڵێك بوو ..؟(**١٨٩٠**).

پ٧٤/ نووسەر و مێژوونوسی ناوداری کورد(حەسەن قزلجی)کەی کوژرا؟ (**١٩٨٤/٩/٢٩**).

پ٧٥/ ئوسامە بن لادن ناوی تەواوی (ئوسامە محمد یوسف لادن)ە کەی لەدایکبووە؟(**١٩٥٧**).

پ٧٦/ بۆ یەکەمجار مرۆڤ کۆپی کرا لەوڵاتی ئەمریکا بەناوی(ئیڤا)بوو لەساڵی چەند بوو؟ (**٢٠٠٢**).

پ٧٧/ کەی(نیوتن)ی زانای بیرکاری کۆچی دوایی کرد؟ (**١٨٢٧/٣/٢٠**).

پ٧٨/ یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی کەی بوو؟ (**١٩٤٩/٤/٢٠**).

پ٧٩/ دراوی عێراقی بۆ یەکەمجار کەی کاری پیکرا؟ (**١٩٣١/٤/١**).

پ٨٠/ سەرۆك کۆماری تورکیا(ئەتاتورك)کەی لەدایکبووە....؟(**ساڵی ١٨٨١**).

پ٨١ /لە مێژوودا دوای زمانی ئینگلیزی چ زمانێ دووەم زمانی

ئەوروپی بووە کە بڵاوبووەتەوە؟ (**نیسپانی**).

پ٨٢/ دوای مردنی ئەتاتورك کێ بووە سەرۆك کۆماری تورکیا..؟ (**عیسمەت ئینۆنۆ**).

پ٨٣/ یەکەم نەشتەرگەری چاو لە بەریتانیا بوو لە چ ساڵێك ..؟(**١٩٦٩**).

پ٨٤/ جەنگی یەکەمی جیهانی کەی کۆتایی پێهات ..؟(**١٩١٨**).

پ٨٥/ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ کەی ڕاگەیەنرا ..؟(**١٩٤٨**).

پ٨٦/ کەی جاڕنامەی مافی مرۆڤی فەڕەنسی ڕاگەیانرا ..؟(**١٧٨٩/٨/٢٦**).

پ٨٧/ کەی یادو ڕۆژی شەڕی براکوژییە لە کوردستان...؟ (**١٩٩٤/٥/١**).

پ٨٨/ پەیماننامەی (لۆزان) کەی مۆر کرا ..؟(**١٩٢٣/٧/٤**).

پ٨٩/ کەی جەنگی نێوان عێراق وئێران وەستا ..؟(**١٩٨٨/٨/٨**).

پ٩٠/ کەی (مجەففە) وشککەرەوەی قژ دروست کرا بۆ یەکەم جار ..؟(**١٩٣٠**).

پ٩١/ ئایا خاچی سووری نێودەوڵەتی کەی دامەزرا وە ..؟ (**١٩٦٢/١/٢**).

پ٩٢/ کەشتی تایتانیك کەی نغرۆ بوو ..؟(**١٩١٢**).

پ٩٣/ یەکەم (ترافیك لایت) لە لە ندەن داندرا کە بە گاز کاری دەکرد لە چ ساڵێك داندرا ..؟ (**١٨٦٧**).

پ٩٤/ ڕێکخراوی (ئۆپێك) کەی دامەزرا ..؟(**١٩٦٠**).

پ٩٥/ مرۆڤ چەند ساڵ پێش زایین نووسینی داهێناوە

..؟(٣٢٠٠سالّ).

پ٩٦/ کەی ئامێری کۆپی کردن (الاستنساخ) دروست کرا ..؟(١٩٣٨).

پ٩٧/ هۆنیاری عەرەب (نزار قبانی) کەی کۆچی دوایی کرد ..؟(١٩٩٧) .

پ٩٨/ کەی ئۆتۆمبیل دروست کرا ..؟(١٧٧٠/٢/٣٠).

پ٩٩/(تیۆدرۆمایمن) تیشکی لیزەری دۆزی یەوە کەی ..؟(١٩٦٠/٣/٦)

پ١٠٠/ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (who) کەی دامەزرا ..؟(١٩٤٨/٤/٧).

پ١٠١/ جەنگی دووەمی جیهانی کەی دەستی پێ کرد ..؟(١٩٣٩).

بەشی شەشەم

مێژووی ڕاگەیاندن

ئەم بەشە تایبەتە بە زانیاری دەربارەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی وەك ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و هتد....

پ١/ کەی تەلەڤزیۆنی نیگا دامەزرا؟ (٢٠٠٦/٣/٢١).

پ٢/ کەی گۆڤاری(نواڵەی نوێ) دەرچوو ..؟ (٢٠٠٣/٨/١٣).

پ٣/کەناڵی تەلەفزیۆنی (کوردسات)کەی دەستی بە پەخشی ئاسایی خۆی کرد...؟ (٢٠٠٠/١/١).

پ٤/ یەکەم ژمارەی گۆڤاری بەیان کەی بڵاوبووەوە...؟ (١٩٦٩/١١/٢٦).

پ٥/ گۆڤاری(بڵێسە)کەی دەرچوو...؟ (١٩٥٩).

پ٦/ یەکەم ژمارەی گۆڤاری(ئەستێرە) کە لە سوریا لەلایەن(جەلادەت عالی بەدرخان)ەوە بوو کەی دەرچوو...؟ (١٩٤٣/١٢/٦).

پ٧/ ڕۆژنامەی گاردیان لە کوێ دەردەچێ...؟ (**بەریتانیا**).

پ٨/یەکەم ڕۆژنامە لە دەوڵەتی عوسمانی کەی دەرچوو و ناوی چی بوو...؟ (**تقویم وقائع**١٨٣٢).

پ٩/ یەکەمین ڕۆژنامە لە جیهان لە ڕۆمای ئیتاڵیا بوو چ ساڵێك دەرچوو ..؟ (١٦٥٣).

پ١٠/ یەکەم گۆڤار کە لە هەولێر دەرچوو گۆڤاری(ڕووناکی) بوو کەی دەرچوو ..؟ (١٩٣٥/١٠/٢٤).

پ١١/ یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی کەناڵی (کوردستان) بوو کەی دامەزرا ..؟. (١٩٩٩/١/١٧)

پ١٢/ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(بانگی کورد)لە کوێ دەرچوو...؟ (**بەغداد**).

پ١٣/ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) یەکەم ژمارەی کەی دەرچوو، کە خاوەن ئیمتیازی م(عبدالله ی قەسرێ)بوو..؟ (٢٠٠١/٦/٢).

پ١٤/ کەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دەرچوو؟ (١٩٧٠/١/٩).

پ١٥/یەکەم ڕۆژنامە لە وڵاتی شام بەزمانی عەرەبی چی بوو و کەی

دەرچوو...؟ (**مجموع فواند**١٨٥١).

پ١٦/ کەی یەکەم ژمارەی(دەهۆل تایمز)دەرچوو؟ (١٩٩٩/١٢/١٥).

پ١٧/کەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق دامەزرا؟ (١٩٦٣/٩/٢٨).

پ١٨/ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(چەمچەماڵ)کەی دەرچوو؟ (١٩٥٦/٧/١)

پ١٩/ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(ئاگرێ) کەی دەرچوو؟ (١٩٦٠/٢/٩).

پ٢٠/ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (خامە) کەی دەرچوو؟ (١٩٩٣/٥/١٧).

پ٢١/ کەی ڕۆژنامەی(هەولێر)دەرچوو؟ (١٩٥١).

پ٢٢/ کەی ڕۆژنامەی (برِوا) دەرچوو؟ (١٩٦٠/٧/٢).

پ٢٣/ ڕۆژنامەی (جووتیار) کەی دەرچوو؟ (١٩٧١).

پ٢٤/ کەی ڕۆژنامەی(ژیان)دەرچوو؟ (١٩٢٤).

پ٢٥/ یەکەم ژمارەی (بانگی کوردستان) کەی دەرچوو؟ (١٩٢٢/٨/٢).

پ٢٦/ کەی یەکەم ژمارەی(خورماله)دەرچوو؟ (١٩٤٠/٦/٣).

پ٢٧/ کەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(ڕۆژی کورد) دەرچوو؟ (١٩٢٢/١١/١٥).

پ٢٨/ یەکەم ژمارەی(باسەرِە)کەی دەرچوو؟(١٩٤٢/٦/٢٥).

پ٢٩/ کەی ڕۆژنامەی (هیوا)دەرچوو؟(١٩٥٧).

پ٣٠/ کەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(ئومێدی ئیستیقلال)دەرچوو؟ (١٩٢٣/٣/٢٠).

پ٣١/ کەی ڕۆژنامەی(ڕابردوو)دەرچوو؟(١٩١٤).

پ٣٢/ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(ڕزگاری)کەی دەرچوو؟(١٩٥٩/٢/١٠).

پ٣٣/ کەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(العراق) دەرچوو؟ (١٩٧٦/٢/١٨).

پ٣٤/ یەکەم ژمارەی(التاخی)کەی دەرچوو؟ (١٩٦٧/٤/٢٩).

پ٣٥/ کەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕوانین)دەرچوو؟ (٢٠٠٣/١٠/٣٠).

(١٨٩٨/٤/٢٢)کەی دەرچوو؟(١٨٩٨/٤/٢٢).

پ٣٦/ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(الزوراء)کەی دەرچوو؟(١٨٩٨/٤/٢٢).

پ٣٧/ کەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی(تێگەیشتنی ڕاستی)دەرچوو؟ (١٩١٨/١/١).

پ٣٨/ کەی یەکەم ژمارەی(ڕێیاتازە)دەرچوو؟ (١٩٣٠/٣/٢٥).

پ٣٩/ کەی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)دەرچوو...؟ (١٩٩٤/٤/٢٢).

پ٤٠/ یەکەم ژمارەی گۆڤاری(خۆری ئیسلام) کەی دەرچوو...؟ (**مانگی تەمووزی١٩٩٨**).

پ٤١/ کۆنترین ڕۆژنامەی عەرەبی لەساڵی(١٨٢٨)بەناوی چی بوو...؟ (**الوقائع)ی مصری**.

پ٤٢/ دەنگی قورئانی پیرۆز رادیۆی هەولێر کەی دەستی بە پەخش کرد؟ (٢٠٠٥/٩/١٥).

پ٤٣/ دەرچوونی یەکەم رۆژنامە کەی و لە کوێ بووە؟ (**لەڕۆمای ئیتالی لە١٦٥٣/١/١٠**).

پ٤٤/ کەی تەلەڤزیۆنی(بەغداد)دامەزرا؟ (١٩٥٦/٥/٢).

